تەندروستی غەززە ژمارەی نوێی قوربانیانی بۆردومانەکانی ئیسرائیل ڕادەگەیەنێت

تەندروستی غەززە ژمارەی نوێی قوربانیانی بۆردومانەکانی ئیسرائیل ڕادەگەیەنێت و ژمارەیەك تەرمی کوژراوەکانیش لە ژێر داروپەردودا دەردەهێنرێتەوە و بەگوێرەی دواین ئاماریش، 47 هەزار و 161 کەس کوژراون و زیاتر لە 111 هەزار کەسیش بریندارن.

وەزارەتی تەندروستی لە کەرتی غەززە لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە، لە ماوەی 24 کاتژمێری ڕابردودا 54 تەرمی کوژراو گەیشتونەتە نەخۆشخانەکانی کەرتی غەززە، کە 53 کەسیان پێشتر کوژراون، یەکێکیشیان بەهۆی بریندار بونی پێشتریەوە گیانی لەدەستداوە، 19 کەسی دیکەش بەبرینداری گەیەندراونەتە نەخۆشخانە.
ئاماژەی بەوەشکرد، هێشتا ژمارەیەك قوربانی لەژێر داروپەردو و لەسەر ڕێگاکاندان و تیمەکانی ئەمبوڵانس و بەرگری شارستانی ناتوانن بەپێی پێویست دەستیان پێیان بگات.

ڕێککەوتنی ئاگربەستی نێوان حەماس و ئیسرائیل کە پێی ناوە چوارەمین ڕۆژی خێیەوە، ڕێگەی بە تیمەکانی ئەمبوڵانس و بەرگری شارستانی لە کەرتی غەززەدا دەست بە پرسەی

دەرهێنانەوەی تەرمی مردوەکان بکەن کە پێشتر بەهۆی شەڕەوە بەردەوامەکانەوە مەحاڵ بو دەستیان پێ بگات و لەئێستاشدا بەشێکی زۆریان لەژێر باڵەخانە و خانوە روخاوەکاندان و ناتوانن دەریان بهێنن.